# گەمەی ئاگر

شیعر

یووسف ئەحمەد مەنتک

لە بڵاوکراوەکانی

**دەزگای ماد**

# گەمەی ئاگر

**شیعر**

یووسف ئەحمەد مەنتک


- بەرگ: شالاو حەبیبە
- چاپخانە: هەولێر
- چاپ: یەکەم – ٢٠١٧
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- نرخ: ٣٠٠٠ دینار

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکانی هەولێر ژمارە ی سالی ٢٠١٧ی پێ دراوە.

# گەمەی ئاگر

## شیعر

یووسف ئەحمەد مەنتک

## شێتەکانی هەولێر

لە کوێوە دەست پێبکەم؟
خۆ منیش یەکێک لە شێتەکانم
کە ڕاستی دەڵێم
حەمە شێت:
تەواوی کلتووری هەولێری
لە کۆل کردبوو
ئەستوور
هێندە ئەستوور
ئەستوورتر لەگۆپاڵەکەی

مەمەندە شێت:
بێدەنگی
کۆنی جل و عەرەبانەکەی
کۆن
بەقەدەر
قەڵای هەولێر
لیکاوەکەی
درێژ
بە قەدەر
دیجلە و فورات
هەیاسە شێت:
بێ موبالەغە
قەوەت و هێزی
هەولێر بوو
بەخۆکە:
بێوەی و بەستەزمان
بێ زەڕ
دواجار
سەریان بڕی و
کوردی خۆفرۆش
کردیان بەدیاری

بۆ بەعسی
ئاخر زەمان
جومعە شێت:
سیگاری سەر لێوی
بێوەیی و بەردی دەستی
کە ڕای نەدەوەشاند
دوا قسەی
خوشکتان بگێم
شاکرە شێت:
کاری تەنێ
جووینی
کاغەزەکانی ئەرشیفی
هەولێر بوو
دارای حەمەی سابیری:
حەقی بەوە نەبوو
باوکی جاش یا خائین بوو
ماڵ و موڵک لای گرنگ نەبوو
گرنگ بۆ ئەو
بوتلێ عەرەقی فەل بوو
تا ئەوێ ڕۆژێ
لەبن فندق دنیا

لەسەرما
وشک و ڕەق بوو
موحسینەشێتی پۆڕیجەی
خەیاری دەخستە دەمی
تڕی لێدەدا بە قەدەر
تۆپی نەمساوی بوو
شێتەکان چوون
عاقلمەندیشمان نیین
بۆ ئێستا
باشە چی بکەین؟
ڕاستگۆکان شێتن
ڕەخنە گرەکان شێتن
دڵسۆزان شێتن
شێتەکان چوون
عاقل مەندیشمان نیین
بۆ ئێستا
باشە چی بکەین؟

## ماچه شیعر

نانووسرێ..... ماچ
مرچێکه ..... ماچ
ڕەنگ نییه... ماچ
نمایشێکه....... ماچ
کاغەز و قەڵەمی ناوێت
بۆ نووسینی ماچەشیعر

بە سادەیی ، بە کورتی
لێوت، بخەسەر ڕوومەتی
بە مرچێک
ماچەشیعر لە دایک دەبێ

## بۆ شەهیدی فەرماندە سەربەست مەنتک

فەرماندە
ئەم کۆچە ناوەختە چی بوو؟
هێشتا زوو بوو
کە تۆ بڕۆی،
کێ شەوان ئێشکبگرێ؟
کە تۆ بڕۆی،
دڵنیایی هاووڵاتیان،
شیرنخەوی منداڵان
ئیدی دەزڕێ!
فەرماندە
پێت وتم شەو تا بەیانی ناخەوم!
کەچی،
ئەم خەوە قوڵەت
تەواو دڵگرانی کردووم
فەرماندە
قسە لەگەڵ کێ بکەم؟
چەندین شەو تا درەنگانێ

قسەوباسمان بوو،
کە تۆ بخەوی،
کێ هەواڵی شەڕم پێبدا؟
کێ باسی ئازایەتی پێشمەرگەم بۆ بکا؟
فەرماندە
تکا دەکەم دە هەستەوە،
درەنەگە شەوە
دەی ، دەی ، دە هەستەوە
قسەم بۆبکە
باسی دوا هەواڵی شەڕ،
باسی ئازایەتی پێشمەرگە،
باسی شکستی داعشم بۆبکە،
فەرماندە کە تۆ نووستی
کەس نییە قسەم بۆ بکا
دیارە ڕاستت پێ گووتم:
کاکە ئەو داعشانە
بۆ مردن دێن
بەنیازی حۆری بەهەشت دێن
باکیان بە کوشتن نییە

فەرماندە
بۆ شیعری چەقۆ بەدەستەکانی خوا بۆت
نووسیبووم:
زۆر سوپاس بۆ ئەم تێکستە جوانەت (چەقۆ
بەدەستەکانی خوا) بەڕاستی زۆر بە پێزبوو،
سوودی هەیە لەم سەردەمەدا هیوادارم لەم
بابەتە جوانانەت بێ بەشمان نەکەی
چاوەڕوانین....
فەرماندە
بەم ناوەختە مەڕۆن
تەنیا جێمان مەهێڵە
قەل ودالٌ دەمان خۆن
کە دەڕۆیت
پێمان بڵێ:
ئەم هەموو خۆڕاگری  و ئازایەتی و
چاونەترسییەت لە کوێ بوو؟
خۆزگە،
سیاسیەکانی کورد، زەڕەک هێندەی تۆ
غیرەت و ئازایەتی و مۆڕالیان
تێدا دەبوو!

فەرماندە
دەزانم
هەرگیز نەترساویت
تا ئێستا لە شەڕێکدا نەشکاویت
لە سەنگەردا
هەمیشە بەپێوە وەستاویت
بۆ ساتێکیش
بەرامبەر گوللەی دووژمن
نەنووشتاویت
فەرماندە
ئەم کۆچە ناوەختە چی بوو؟
هێشتا زووبوو
بە کۆچت
خێزانت، خزمانت، دۆستانت،
پێشمەرگەی هاوسەنگەرانت
تاساون، شۆکداربوون
فەرماندە
کە بڕیارە هەر بڕۆیت
لەڕێگەی خۆتەوە
سڵاوی خزمان ودۆستان
بگەیەنە

به ئەسکندەری مەزن
فەرماندە
ئیدی
یەکتر نابینینەوە
به ئارامی بنوو گەورەم
ڕۆحت شاد
سەروەر و شکۆداری مەزنم

**دووری**

با دوور بی لێم
دڵنیام
چەند دوور بی لێم
زیاترت خۆش دەوێم
دوور بە
تا بۆت دەکرێ دوور بە
تا دوور بی لێم
زیاتر
لە زیندانی
دڵمت دەنێم
شەڕاب تا کۆنتر بێ
خۆشتر دەبێ
تۆش تا دوورتر بی لێم
خۆشەویستر دەبی پێم
جا نازانم
چەند دەگەی تێم

## پرسیار

**-١-**

دەپرسیت
کامە شتی منت پێ جوان بوو؟

پێت دەڵێم:
لە جلە ڕەشەکانت
لە خەندەی لێوانت
ڕۆیشتنت یان
لارو لەنجەکانت
چ
لە نێو هاوڕێکانت
ناشرینیم لێ نەدیتی،
تا لە چاوانم ون بووی!
نەم بینیتەوە!

دوای ئەم هەموو
دابڕان و ئازارە

هاتوویتەوە
دەپرسیت:
ئێستاش منت خۆش دەوێ؟

پێت دەڵێم:
هەموو زەمانێک
ڕابردوو، ئێستا، داهاتوو
خۆشەویستیت؛
برینێکە جێگەی پڕ نابێتەوە
هێندە بەئازارە،
تا مردن سارێژ نابێتەوە!
ئەوە تۆی!
هەر کات
کە بتەوێ دەی کولێنیتەوە!

## پرسیار
**-٢-**

دەپرسیت
وادیارە، زۆر ماندوویت،
هەموو دەم خەریکی نووسینیت؟
منیش دەڵێم :
ئێ چیبکەم، مردن نزیکە
دەبێ خێراکەم !
شێرکۆش وای وت
هێندەی نەبرد
ماڵئاوایی کرد

پێت وایە مرۆڤ چییە؟
هەر خوێن و گۆشتە!
لە خەو هەڵناستێتەوە
لە کۆسپێک بەردەبێتەوە

له شەڕێکدا بە گوللەیەک
قەلار دەبێتەوە
لە هەورازێکدا خلۆر دەبێتەوە
هەناسەیەکە و ناگەڕێتەوە

دڵتەنگ مەبە
هەقی خۆمە دەڵێم:
مردن نزیکە
دەبێ خێراکەم !!!

## زستان بە من چی!

کە تۆ با دەچێنی
مەجبوورم
زریان بدوورمەوە!
بەفرو باران دەبارێنی
مەجبوورم
قوڕولیتە بشێلمەوە!
لەبری نێرگزی بەهارێ
مەجبوورم
دڕک و داڵ بچنمەوە!
لەبەرد ڕەقتری
کە ئەوەت پێخۆشە
نەریت بۆ تۆ
کام ڕێگات پێخۆشە
بۆی بچۆ!
ڕێگایەک شک ببەم
مەیخانەیە
لێی بحەسێمەوە!

**بۆ قامیشلۆی بریندار**

تۆ لەکوێی ئەی خودا؟
سەدان ساڵە
کورد هاوارت بۆ دەکا
دەنگی نابیستی؟
زیندەبەچاڵ دەکرێ
ئەنفال دەکرێ
تەعریب و تەهجیر دەکرێ
منداڵ و ژنانی
بە کەنیزەک دەبرێ
تۆ لەکوێی ئەی خودا؟
سەدان ساڵە
کورد هاوارت بۆ دەکا
لەم سەردەمی عەولەمەدا
نابینی؟

به دەست جوندەکانتەوە چی بە سەردێ
شەنگال، کۆبانێ،
شارەکانی باشوور
ئیعدامی سەرشەقامەکانی ئێران
تاوانەکان بە درێژایی مێژوو
چیت بۆ باس بکەم
هەر قسەناکەی
ئیمڕۆ قامیشلۆت بینی؟
ئەوانەش مرۆڤی تۆن
لە کاتێکدا دنیا ئیدانەی کرد
تۆ هەر قسەیەکت نەکرد!
تۆ لە کوێی ئەی خودا ؟
سەدان ساڵە کورد هاوارت بۆدەکا
قسەیەکت نەکرد!
دە کەواتە
نەفرەت لە سەرکردەکانی کورد بێت
پەرتەوازەن و
بە ئاوازی عرووبە شاییت بۆ دەکەن
قووتی خەڵک
لە مزگەوت و سەفەری حەج سەرف دەکەن

نەفرەت لە مەلای جاهیل و نەخوێندەوار
ڕۆژ تا ئێوارە گوێی خەڵک کەڕوکاس دەکەن
هەر قسەیەکت نەکرد؟
دنیا چاوەڕێی تۆ دەکا
بۆ تەنیا جارێکیش بێت
ئاوێک بەم ئاگرە داکە

٢٠١٦/٧/٢٨ بۆ قوربانیانی قامشلۆ

**شەنگالی ئێزیدخانێ**

تا فەرمانی حەفتاوسێ
سەردەمێ بوو
مرۆڤ مرۆڤی جەنگەڵ و
جەهالەت و
خورافەی ئەشکەوت بوو!!
کە فەرمانی
حەفتاو چوار چێ بوو
سەردەمێ بوو
مرۆڤ مرۆڤی سەر مانگ و
عەولەمە و
پێشکەوتن بوو!
تەنیا ئایین
دەنێو ئەشکەوت و بیابان جێ مابوو

بۆ دووەم ساڵوەگەڕی جینۆسایدی ئێزیدخانێ
لەسەر دەستی لەشکری داعش
٢٠١٦/٨/٣

## ئەوە دوا کۆستم نییە

دوا پۆستیشم نییە
هیوام بە ژیانە
کام ڕێگا سەخت بوو
بە هێزی خۆم
بە چنگە ڕنە سەرکەتووم
باکیشم نییە
لە داهاتو چیم دێتەڕێ
چەکوشەکەی فەرهادم
بۆ کێوی بێستوون
چەکوشەکەی کاوەم
بۆ کەلەی فەرەیدوون
پۆڵام
هەرگیز ناتوێمەوە
سەرابی سەحرام
ناگیرێم
جیوەی میزانم
ناوەستم

بەفری سەدان ساڵەی کوێستانم
ناتوێمەوە
خودانی هێزێکم
هەرگیز نانووشتێمەوە
پاڵەوان دروستکردن
سانایە لە وڵاتی من
سەرت کزکە و
خامەت تەسلیم کە
دەمت تێرکە و
چاوت شۆڕکە
لە ئاست هەقیقەتیشدا
قڕو قەپی لێ بکە
بەیانی کە لەخەو هەڵسای
تۆ
قارەمانی
ناوداری
بەهرەداری
گیرفان گەرم و
داهێنەری
بەرهەمداری
ناوت

لەنێو ناوانە
مەقامت
مەجلیسی گەورە پیاوانە
میدیای حیزب
لە خزمەتت
ئامادە وەستانە
لێدە
دەهۆڵ کوتین
هەقت بەوە نەبێ میللەت
تا چەند برسین
ئەوە ئاغای حیزبە
لە خولی داهاتوو
تەنیا لە غەمی کورسین
هونەر، قەڵەم، عەقڵ، زانست
ئەدەب ، کەسایەتی، مەعریفە
خەبات، شەهید، قوربانی، ئەخلاق
مێژوو، خاک، ویژدان، بەرخۆدان
لە ئاستی حیزبدا
مل کەچ و خاڵی سفرن

## منی کوردستانی

له باشوور له نێو دەریای نەوتم
له برسان دەمرم
له باکوور زیاد له بیست ملیۆنم
بێ ناسنامه
له زیندان دەمرم
له ڕۆژهەڵات مرۆڤم ، مسڵمانم
دیلی کۆمارم
له شەقامەکان
به عەمامه دەمرم
له ڕۆژئاڤا بای بەرخۆدانم
به پێکی زلهێزان دەمرم
منی کوردستانی
له بێ سەروەری خاکم
لەبێ ویژدانی حاکم
ئاوارەی تاراوگەم
به ژەهری غوربەت دەمرم

## بۆ کۆبوونەوەی چوار لایەنی بەشداری حکومەت

بۆ شەریکە دزی
دەتان هێشێ،
بۆ خۆپیشاندانیش
دەتان خورێ!
گەر درۆتان نەکردووە،
لە حکوومەت وەرنە دەرێ!
کە خۆپیشاندانیش دەکەن،
وریابن دەستنوێژتان نەشکێ!
ئاخر پارتی:
منجڕ منجڕ
لەبەرد ڕەقتر
تووڕە لەسەر کەلی دارێ
لێم یەقینە
بەردێکی بەرکەوێ
ئەوەی گوتوویەتی
لێی نایەتە خوارێ!
گەر درۆتان نەکردووە،
لە حکوومەت وەرنە دەرێ

که خۆپیشاندانیش دەکەن،
وریابن دەستنوێژتان نەشکێ!
خوا نەکا گوریسی عومر بپسێ
پاکێجی دوو ئیدارەیی
ڕابگەیەنرێ!
ئاخر پردی میللەت دەشکێ،
ئەوەی هەشە لە دەست دەچێ!
گیرفان پڕ و
ورگزل ، فیشەی سمێلیان دێ!
گەمەکەتان دووبارەیە
بووە بە حکایەتی مێشێ!

## کاثارسیس

بانقەکانتان خاڵی بکەن
بۆ هەژاران
چەکەکانتان نەوی بکەن
بەرامبەر خۆپیشاندەران
غوسڵ لە خۆتان دەر بکەن
بۆ پاکبوونەوەتان
لە: دزی، درۆ و خیانەتتان
قاڵتاغەکانی حیزب و حکوومەت
بکشێنەوە!
کە چیتان پێ ناکرێ!
جێی بێڵن!
دەبێتەوە هەموو گرێ!!

**گوێگرتن**

کاتێک ئێمە
ناتوانین ببین بە ئاسمان
بۆ مرۆڤەکانی گۆی زەوی!
بەس دەتوانیین
هاوخەمی ئازارەکان بین
بۆ چەند ساتێکیش گوێ بگرین

**ونبوون**

تۆ و من
لەسەر پردێ
بە یەکگەیشتین
لە گەرمەی شەڕە ماچا بووین
پرد داڕووخا
مرچەی ماچەکانمانان
تێکەڵ بە ئاوازی شەپۆلان بوو
ئێمەش ئاو بردیین
تا ئێستاش ونین و
هەر بزرین

## ملوانکه

دوو ملوانکه
دەنکی ماچ یەکیانە
دووەم
لە دەنکی زەنگیانە
لەگەرمەی ڕامووسان
هەردووک پچڕان
هەردەنکێک چوو بە لایەکا
ژوانگە هێندە نەرمونیان
بۆ سوێند
نە دەنکێ ماچ
نە دەنکێ زەنگیانە
نەبینران

## پاییز

له پاییزدا:
وەرینی گەڵاکان
ڕووت بوونەوەی دارەکان
دەبن بە پۆشاکی زەوی
بۆ سەرمای زستان
بەس ئەی مروڤ
زستان وا هات
تۆ چی دەکەی؟

## **هووردە شیعر**

بۆ: شالاو حەبیبە

١

شەو و ڕۆژێک مۆسیقاکەی

شالاو حەبیبە،

فەرامۆشی کردم

منیش،

بیرم لە پەیڤی گوللەکانی دەکردەوە.

٢

مرۆڤ گوللە دروست دەکات

تا

گوللەش هەبێ

مرۆڤ نابێ، پەیڤ نابێ

٣

گولله بوو قەڵەمی
لۆرکا و
عەبدولخالیق و
کێ وکێی دیکەی شکاند!

٤

گولله پەیڤ بێدەنگ دەکا
نووکی قەڵەم کوول دەکا

٥

قوڕگی حەیرانێک و
لارو لەنجەی کیژانی
ڕێی کانی
ئاوازێکی دزراون
لە دڵی کوڕانی گوند.

٦

لە گوند
هەموو ڕێیەک دەچێتەوە
سەر کانی

٧

مرۆڤایەتی
کۆیلەی دەستی مرۆڤە
کۆیلەی سەرمایەدارە
زستان گەرموگوڕ نەبێ
لەگەڵ خۆی دەتبا.

٨

دۆستۆڤیسکی:
زیندان،
سەردەم،*
قومار،
ئێستا قوتابخانەیە.

*/ سەردەم گۆڤارێک بوو دۆستۆڤیسکی دەریدەکرد.

## ساڵیادی ئەنفال

بیستوومە جیهادییەکان بۆ شەهیدان
هەڵناستنەوە
ئاخر ئێوە کێن؟
وەکیلی خوان ؟
یا ئەسحابەی پێغەمبەرن؟
یا مووريد و تۆبەکاری شێخ و تەکیین؟
تا پێتان بڵێم
ماموت و مورتەزیقەی کام دەوڵەت و گرووپن
بۆنی هەناسەتان
تەنیا خوێن و تیرۆری لێ دەتکێ!
بۆ شەهیدان هەڵناستنەوە؟
ئای دارڕزێن
لێیان گەڕێن
دەبا قەت هەڵنەسنەوە
چەندە بچووکن
تا ئەوەندەی تر بچووک ببنەوە

به نەعلەتیان کەن
بە مندارە هوورتکان
شار بەدەریان کەن
چەندە ڕیسوان
با ئەوەندەی تر ڕیسوابن
تا لە دنیا و قیامەت
بێ کونج و پەنابن
تا مردن سەرکز و داماو بن
هەڵبستنەوە یا نا!
پێیان خۆش بێ یا نا!
یادی ئە نفال هە ردە بێ
پەڵەیەکی ڕەشە پێتانەوە
ئیدی بوو بە مێژوو ناسڕێتەوە
ئێوەش تا بۆتان دەکرێ
هەڵمەسنەوە
تا زیاتر لەژێر پێیان بچووک ببنەوە
ئاخر بزن و ئاوەدانی
قەت لەگەڵ یەک نایەنەوە

**فایل**

لێتان تێکەڵ نەبێ
فیل نا .... فایلی فاول
بۆ یەکەم جار فایلم ناسی
ئەو کاتە بوو
کە قەیدیان کردم لە مەکتەب
فایلێکی، بچووک و ئاسایی
دوو ڕەسم و نفووس و
نووسراوێک بوو!
****
لە دوای ڕاپەڕینەوە
بۆیە!
قێزم لە فایل دەبێتەوە
فایلی قەبەی ڕاپۆرتداری
چەند ماموت و سەرکردەیەکیان دیتەوە!
فایل ئەمما فایل
فیل دەرنەچوون؛
فاول بوون.... فایلیان پڕدەکردەوە!

**من و تۆ...!**

دەفەرموو:
ئەوە منی هەڵگری پاشناوی خێڵ و عەشیرەت!
با بزانین تۆی هەڵگری ناوی خۆت و باوک و
باپیرەت!
چیت لە کۆڵناوە؟
کار و بەرهەمت چییە؟
نە لە ڕۆژە سەختەکان تەنزیم بووی!
نە لە ڕووداو و بۆنە بووی!
حازری مشەخۆری
پارە لە شتێکدا بێت
تۆ هەی!
دەنا ونیت!
دەرگەوان و مەسینەهەڵگری
هەمیشە گیرفان پڕی!
دەبینم چەندە ملحیز و سەرکزی!
زۆر بەختەوەرم

پیاوی کەس نەبووم و نیم
شەڕی کوردکوژی
تووڕی هەڵدامە تاراوگە
دەزانی کرێکاری پشتی شکاندم!
هەمیشە سەربەرز و وەستاوم!
دانیشتنی ئێوارانی
ئەلێکس خۆشە
بیرەیەکی سارد لە چاوت!

## گەمەی ئاگر

لەم دیوی
دیوارەکانی بەهەشت
گڕ و بڵێسەی
ئاگرێکی گڕ و بەتین دەبینم
ئەمە بڵێسەی ئاگری جەهەنەمە؟
نا نا...
ئەوە بڵێسەی ئاگری
بیرە نەوتەکانی کەرکووکە
ڕۆشنایی دەدا
لەم ناوەدا
دەنگ و هاوارێ دێ
ئەمە هاواری حەژمەتی
دەستسووتانی پاسەوان و
ئێشکگرەکانی کەرکووکە؟
نا نا...
ئەمە هاواری ویژدانی
بۆرژواکانی کوردە
بە ئاگری کەرکووک دەسوتێ

## پیاوی ڕۆژ

پیاوی ڕۆژ ناگۆڕێت
درۆیە
کوردایەتی ، نیشتمانپەروەری، هەڵوێست!
هەمووی درۆیە
دوێنێ چۆن بوو!
ئیمڕۆش هەر ئەوەیە
بە موو
نەگۆڕاوە
ڕۆژگار
ڕۆژگاری خوێڕییانە!
پارووی چەور و
بڕیاری چارەنووس و
ڕیزی پێشەوە،
هەمیشە بۆ
تەرەس و خائینی نیشتمانە!
لەم نیشتمانەدا

چۆنی چاو هەڵدێنم،
تەنیا و تەنیا:
فایلدار و
ماستاوچی و
بەعسی دەبینم
هی ئومێد نین
وەک گوڵەبەڕۆژەن
هەردەم ڕوو لە ڕۆژن
پیاوی ڕۆژ ناگۆڕێت!

## نیشتمانێک... لە کاوڵگە دەچێت

نیشتمانێک
لە کاوڵگە... کاولتر
بە مێوانی هاتن
ئەوەی پێیان خورا...هەڵیان لووشی
ئەوەی دەستیان گرتی
فەرهوودیانکرد
لەودیوی سنوور
بە چەند قرووشێک هەراجیان کرد
باخەڵیان گەرم بوو
ئۆخەیان کرد
شەرەف کەوتووە لەم لاوە
کەسیش لێی ناپرسێ
هەر مێوانیش دەمێننەوە
نیشتمانی کاول
با بێ مۆسیقا و

بێ شنەی با و
خودان
شاعیری قەڵەم شکاو و
کامێرای شەق لێدراو و
زنجیرەیەک
تیرۆری ڕۆژنامەنووسان بێ
کاوڵگەیەکە
لە گاجووتێکی .... پەککەوتە و
گەلێکی خەسێنراو دەچێ
ڕازیت؟
قڕو قەپی لێ کە
ناڕازیت؟
فەرموو چۆلی کە
پیرۆزتان بێت نیشتمانی کاول
ترسی کەستان لەسەر نییە
تا حەز دەکەن
تژی کەن دۆلار لە باول

## چاکەتە کۆنەکەی قوباد

بۆ سەفەر
چاکەتە کۆنەکەی
قوبادی جە لیزادەم لەبەرکرد
لە هەولێرەوە، با هەردووکمانی
بەرەو ئەلمانیا هەڵکرد
تا گەیشتمە ماڵەوە
لە چاکەتە کۆنەدا
ئای
خەونی ڕەنگاڵەم بینی!
تا مەستبووم
تێر تێر
هەنگوین و شەرابم نۆشی

**ئەو...!**

ئەو شاخەی
سەنگەری پێشمەرگە بوو
بەعسی لەسەر دەبینم!
ئەو شارەی
پشمەرگە ڕزگارکەری بوو!
بەعسی لەناو دەبینم
ئەو حکوومەتەی
ئاوێنەی شۆڕش بوو!
بەعسی تێدا دەبینم
ئەو کورسی سێدارەدانەی
بەخوێنی پێشمەرگەیەک!
تەنزیمییەک!
سووربوو!
لە ئێستادا
بەعسی لەسەر دەبینم

## قاوەکەی حیزب

قاوەکەی حیزب تاڵە
گوتوومە
قاوەی حیزب ناخۆمەوە
بڕیارێکە و داومە
لێی پاشگەز نابمەوە
قاوەکەیان تاڵە
تاڵتر لە ژەهری مار
قەتیش
لە دیوەخانتان نابم
لەسەر سفرە و خوانتان نابم
چونکە
کۆیلە و کڕنووش بەرتان نیم
کوردایەتیتان درۆیە
بانگەشەتان دەستخەرۆیە
با کەس
لاف بە ناومەوە لێ نەدا
لە هەر شوێنکم
کلۆپیە ناخم تژیە لە کوردایەتی

**شه وانی پێشمەرگە**

پێشمەرگە
لە سەنگەرەکانی پێشی پێشەوە
لە پێخەفی
زەوی، ئاسمان، تاریکی شەودا
هەمیشە ئامادە
تفەنگ بەدەست، چپە چپ لەگەڵ ئەویتر
ئاوێزانی شەوبوون
هاکا دوژمن هێرش بینێ
پەنجە لەسەر پەلاپیتکە
لە عیشقی شەودا
دەست لە ملانێ
شایی دەگێڕن
گۆرانی سەرکەوتن دەڵێنەوە
خاکی کوردستان عاشقی تەنیایی شەوانی من
بۆ کوێ بچیت
هەر هی خۆمی
لە منی پێشمەرگە زیاتر

کەس بۆی نییە لە باوەشت گرێ و
ماچت بکا، بیلاوێنتەوە
تەنها منم، من عاشقی تۆ
خوێنی من تینویتیت دەشکێنێ
چاوەڕێتانم دەی وەرن
جنۆکەکانی جەهالەت
ئەمشەو شەوی مێرانە
شەو بۆ کوردان هەمیشە
قەڵای مێرانە

## له هەموو ڕەنگێک

له هەموو ڕەنگیکدا گوڵم بینیوه
تەنیا ڕەش نا
جوانترینیان گوڵی سووربووه
ئاخر پیّم نالّێن چ ڕوویداوه؟
له ئێستادا
سەراپای باخ گوڵی ڕەشی پۆشیوه

## له ئێستادا

له ئێستادا
بۆ ڕۆحی پاکی مرۆڤ
قسەیەکم نییه بۆ گوتن
له داخی دڕندەیی مرۆڤ!
له خۆشەویستیم بۆ مرۆڤ!
بەڕۆژووم ، غاندی ئاسا
به خاتری ئەوه! پرسیار مەکه

## چەقۆ بە دەستەکانی خوا

هاتنەوە چەقۆکێشەکانی خوا
چیتان دەوێ؟
پێم بڵێن لای کام خواوە هاتوون؟
پێتان دەڵێم
کە شمشێر بە دەستانی خەلیفە
بە پای پەتی هاتن
لەجیاتی دیاری
ئاتەشگە و ئاڤێستایان
سوتاند
تا حەزیان کرد
سەریان پەڕاند
دەستیان نە پاراست
لە تاڵان و بردنی کچی جوان
بەڵگەن
عەبابەیلێ و گۆڕستانی ئەسحابان
چەقۆ بە دەستانی خوا ئەو جارە
بە لە شکری ساقیت و خوێڕی و سەرسەری
دنیا هاتنەوە؟
کلیلی دەرگەی بەهەشتتان بۆ هێناوین؟

نامانەوێ!
حەفتاحۆرییەکەی بەهەشتتان بۆ هێناوین؟
نامانەوێ!
تینوون ئێوە بە خوێنی سەری کوردان
تێرتان نەخواردەوە لە خوێنی هوجام و
شێرکۆ و نەریمان و مەنسوور و ئەسکەندەر و
شەهیدانی کوردستان؟
بە نەفرەت بن خوێڕی و سەرسەری و
چەقۆکێشەکانی خوا!
پێتان نەگوتم لای کام خواوە هاتوون!

## ڕۆمانێک

ڕۆمانێکم لەبەر دەستە
بینووسم
بەناوی وڵات
کەسایەتییەکم پێویستە
ڕۆڵي پاڵەوان ببینێت
لە ڕۆمانی وڵاتدا
زۆر گەڕام دەستم ناکەوێت!
لەوانەیە
ئەوەی من دەمەوێت
هێشتا لە دایک نەبووبێت!
هاوڕێیان ئاگەدارم کەنەوە
لەوەی
کەسێکتان پێ شک هات

**کادیر...!**

پیرەکادیر
تورەمەبە لێم
کە پێت دەڵێم
قالتاغی پیرەقۆتڕ
دەڵێیت: ڕابردووم
تژیە لە شانازی، سەروەری
چرایێکە و دەدرەوشێتەوە!
کە تۆ
خۆت لە حەقیقەت دەبوێری
دوورتر لەژێر پێت نابینی
گومانـاوی
ترسنۆکی
نەخوێندەوار و چاوچنۆکی
بەڵکوو کۆیلە و دەروێشی

حیزبی
حەقیقەت تارە
ژاری مارە
هەر ئەوەش بوو
کە سوقرات نۆشی کرد
بە یەک چاو سەیری ژیان و مەرگی کرد
خۆت گێل دەکەی
تەنیا جارێک نۆشی ناکەی
بە دەستی خۆت
بڵێسەکەت دەمرێنیتەوە
ئای پیرەکادیر
زویر مەبە لێم
کە پێت دەڵێم
قاڵلتاغی پیرەقۆترِ

## گوێر

ژەنەڕاڵی خەوتووی گوێڕ لەچی دەچێ؟
قاف قاف
ناوێکی زل و تۆقێنەر
لە ڕیتمی ئەرزئەرز دەچێ
بە بیستنی
مرۆ زەندەقی دەچێ
حەیف!
بێ ئاگا ... بێ خەبەر!
خەوی ڕەنگاڵە دەبینێ
کە ڕاپەری
گا ڕادە کا
گا هاواری هیمداد دەکا!
بەورئاسا هێزیان هێنا
داعش کەوتنە غاردان و پەلەکوتێ
ئەگەرنا لە پڕخەی خەوا

ژەنەڕال ڕاو دەکرا وەک قەتێ
ژەنەڕال جەنگ ئاوا نابێ
شەو بێ ئێشکگر و
کەمین نابێ
هێندەی نەمابوو هەولێریش
لە دەست بچێ!
دەبوو لە سفرەوە دەست پێ بکەینەوە
شەهیدی تر بدەینەوە
ئەی ژەنەڕاڵ ئیتر
ئاوابوو ئەستێرەی بەختت
چی بکەیت.... چی بڵێیت
لە ئەستۆی تۆیە ئەم هەموو خوێنە!
تازە ڕووی مەجلیست نەما
یا فیشەکێک لە سەرت بتەقێنە
یا بە جارێ سەرهەڵگرە و
لە ئاوەدانی مەمێنە

## تۆ

پاپلۆ نیرۆدا دەناسیت؟
کەواتە شیعر ناناسیت
شیعر مەنووسە
کارێکی تر بدۆزوە
تا لە ژیان
دانەبڕێیت

## ئای خودایە

کە منت بە کورد خوڵقاند
با وەک مرۆڤ بژیم
خودایە گوێت لێمە؟
من دەمەوێ بژیم
بۆ ئەوە نا زۆرداری بکەم
بۆ ئەوەی زۆر قسەم ماوە بیکەم

## بۆ... و

واز لە قاژەقاژ و هاوار
بێنن
دەکرێ داری تێوەرنەدەن
گۆمەکە نەشلەقێنن
خەڵک لە چاوەڕوانی
سۆمای چاوانیان چوو
ئەی زریکە لە چاوانتان دا
بڕۆن بخوێنن و بخوێننەوە
فێری ئیتیکی ڕاگەیاندن بن
چیتر خۆتان ناشرین مەکەن
تا دێت لە ڕۆژی حەشر نزیک دەبنەوە
لە دنیا و قیامەت جێتان نابێتەوە
گۆڕغەریب دەبن

## تینووبوون

هەر تینوومە
تا بۆمکرا بەفراوی قەندیلم خواردەوە
تینوێتیم نەشکا
بۆ
شیعریش هەروا
تا شیعری ناسکیش بخوێنمەوە
بۆ
هـەتا هەتا
هەر تینوومە

## ڕاپۆرتنووس-و فێستیڤاڵ

دوینێ ڕاپۆرتی بۆ بەعس دەنووسی!
ئیمڕۆ مێوانە
لە باوەشی گەرمی ڤێستڤاڵی ئەدەبی
گوێ مەدێ لەدوو چوان مەچوو
ئەوەی چوو چوو، بوو بە مێژوو
بۆرەپیاو وانە
ئەوەی گرنگە بۆیان بەیانی لە کام دیوان،
لە کام ڤێستیڤاڵ مێوانە

**لوورەی گورگ**

لووره لووری گورگ
حەپەحەپی سەگ
پەیامێکە
خوایە بەخێری بگێڕێ
سەرێک هەڵبڕە، چ ڕوویداوە؟

## شیری خیانەت

شیری خاوی خیانەتتان خواردۆتەوە
دەرگاکانتان بۆ خستنە سەرپشت
شار و گوند و کوچە و کۆڵانتان دەقەبەرکردن
فرچکتان پێوەگرتووە
لای سەروی دیوەخانیان دادەنێن و
کڕنوشیان بۆ دەبەن
دەست لەسەر سنگ نۆکەری و خزمەتیان دەکەن
بەردەوام بن لە خواردنەوەی شیری خیانەت
دەم پێوەنێن، سەرهەڵنەبڕن
تا تەنگەتان دێشی لە تێریان
دەرسی ڕابردوو وەرناگرن!
با هەر نەوتی ڕەش خەونتان بێ
لەناو یەکتری هەسانان لێک بسوون
زەکاتی وان
جارێک لێرە و جارێک لەوێ
خوێنی ڕۆڵەی کوردانە پەکیان ناکەوێ
خەمی دنیاش
بە گونی کوڕتان

بۆ هێندەک تراژیدیا و مەرگە
بۆ ئەویتر دۆلار و جەننەتە

**ئاخ**

کوردایەتی
درۆیەکی دەمامکدراوە
بۆ هێندەک تراژیدیا و مەرگە
بۆ ئەویتر دۆلار و جەننەتە

## کۆبوونەوە

لە کۆبوونەوان
هێندە مڕومۆچ بوون
لە میدیاکانیش
یەکتریان هەڵتۆقان
پێکنەهاتن
تا پەرلەمانیشیان وەک
مەشکە هەژاند
ئێستایش
پارتی توڕە لەسەر کەلی داریَ
دە ڕک ڕاچوو
نایەتە خوارێ
تازە چوو،
خەونی گەڕانەوەی کورسی
ئەو فەقێیە، دادی نادا
چەند بخوێنێ ئایەت کورسی
ئەوە یاسای هەرێمە
یان
نەرمکێشان
یان، شەڕی کوردکوژی

## ماڵ

بیستم
بۆ دڵێک دەگەڕێیت
تێیدا بحەسێیتەوە
گوێ لەڕازەکانت بگرێ؟
دڵێکت دەوێ
بە ئارامی هەناسەی تێدا بدەی؟
ئەوەتا مەحرەمی ڕاز
ئەوەتا دڵی من!

## کۆتایی

لە ئاوابوونی خۆشەویستیدا
شتێک نییە
بەنێوی سەردێڕ و کۆتایی دێڕ
شتێک نییە
بەنێوی کۆتایی و ساڵی نوێ
هەمیشە کۆتایی
لە دڕندەیی مرۆڤەوە دێت!

**تاراوگە**

دەخۆمەوە
بەردەوام دەخۆمەوە
هێند دەخۆمەوە
تا دەڕشێمەوە
وەک ڕشانەوەی سەرکردەکانی کورد
وەک ڕشانەوەی حیزبە کوردییەکان
ڕشانەوەی سیاسییەکانی کورد

**یاقوتەکانی هەولێر**

هەولێر
ئەوەتانێ لە غوربەت
ژیان دەچنینەوە
ئەوەتانێ لە غوربەت
تەمەن دەمانخوات
هێدی هێدی گیان دەسپێرین
وەیلێ زاڵم
وەیلێ نیشتمانم
کەسیش پێ نازانێ
گۆڕ غەریب دەبین
وەیلێ وەیلێ
لە خۆمان غەریبێ
وڵاتیش گورگان خواردی..

## بۆ ڕۆژی جیهانی دژ بە توندوتیژی ژنان

پیاوێک بۆ ژن –
ئەی ژن ...
چیت بۆ بکەم؟
چیت بۆ بڵێم؟
من چەند ساتێکی پیاوەتیم لە تۆدا
بەتاڵ دەکەمەوە...
ئاخر تۆ ژنیت ژن
منیش پیاوم پیاو
ژنێک بۆ پیاو
ڕاستە تۆ پیاوی پیاو
تا پێم دەگەی لە ڕۆژێکدا
سەد جار بۆم دەمیاوێنی
لە باوەشیشمدا
بەندێکی زنجیر کراوی
دەفەرموو، ئەوە تۆی پیاو و منی ژن
هەمیشە لە ژوواندا
تەسلیم و داماوی

## کۆچ

بۆ
تاراوگە سەرهەڵدەگرم
ڕێگا سەختن
گەر لەدەریا نەخنکێم!
بێ شک
بە ژەهری غوربەت دەمرم!

## بە ڕۆژووبوون

لە ئێستادا
بۆ پاکی ڕۆحی مرۆڤ
قسەیەکم نییە بۆ گوتن
لە داخی دڕندەیی مرۆڤ!
لە خۆشەویستیم بۆ مرۆڤ!
بە ڕۆژووم، غاندی ئاسا
بە خاتری ئەوە !
پرسیار مەکە

## مێژووی مرۆڤ

که مرۆڤ له ئەشکەوت
چاوی به تیشکی خۆر کەوت
به دوایدا هاتەخوارەوە
ئازادی بینی.
تاکه گرفتی خواردن و ڕاو بوو.
له لێواری ڕووبارێ گوندی دروست کرد
ئازادی خۆی به دیواری ماڵ تەسک کردەوە
شاری دروست کرد
لەوێدا
هەستی کرد چەند کۆیلەیە

**لەگەڵ... تۆمە**

هـێی
لەگەڵ تۆمە،
گوێت لێمە؟
هەردووکمان هەین.
خوا
هەمووماندی
وەک مرۆڤ دروستکردووە
جیاوازیمان!
تۆ خوێن دەخۆیتەوە
منیش
ئازاری مرۆڤەکان.

**هەولێر ڕۆژانێک لە عەشقدا**

شەوان لەجێی ژووان
دەست لەمل
گینگڵ گینگڵ
هەناسەکان
یەکتریان دەخواردەوە.
بەیانیان
لە نێو بازاڕی
شێخەڵڵا و شەقامی باتە
لەنێو قەیسەری و
کۆڵانی عارەبان
جادەی
تەعجیل و شێخی چۆلی
لە عەسرانی هەولێردا
فولکەی چەپ و
چپەچپی هاوڕێیان
بەدەم ڕێگاوە
پیاسەیەکی
شەقامی سیروان و
باتە و

مشوار و
بن دیواری مەحکەمە و
لای کتێب فرۆشان
بۆ سەڵاو هەمیشە
دەست بڵند...
لە ترسی
کەوتنەخوارەوەی
بڵاوکراوە و نووشتەی بن هەنگڵ
لە ترسی
چاو حیزو ڕەفیق و
کوردی دۆراو بە دووژمن...
باکمان بە هیچ نەبوو
نەدەترسیان
تەنیا غەمی
کیژۆلانمان بوو
بۆ هەر ئەگەرێک
شەرمەزاری دنیا و قیامەت بووین
وای لەمنێ وای لەمنێ
نە عەشق ما
نە ژووان!
نە پیاسەی

ئێوارانی فوڵکەی چەپ و
نە بازاڕی سیروان
نە کتێبفرۆشی بن دیواران
لە ئێستادا
هەمان
مۆتەکەی ترس و
چاوی حیز
پیاوی نامەرد و خەسیو
شاریان
داپۆشیوە
بەم درەنگ شەوە
لەبەر زەڕە زەڕ و
لوشکەی کەر
هەژارو پیاوی مەرد
جێ خەویشی نابێتەوە
ئای لەوێ ڕۆژگاری زاڵم!
شارم ڕۆ
یادگاریم ڕۆ
مێژووم ڕۆ....

## کراسێک لە وشە

کراسێکت لە وشە
بۆ دەدروم
قوماشەکەی هەڵبژاردەی
ناسکترین وشەی
فەرهەنگان بێ
تەنک
تەڕ... تەڕ
جێ درومانی
دیار نەبێ.
ڕەنگەکەی
ڕەنگی دەنکە هەنار بێ
وەک شوشە عەتری شانێلی پڕاو پڕ

پڕ بە بەژن و باڵات
تا هەر ستایلێکی قژت بێ
ڕێک بێ
بۆ هەر چوار
وەرز
گونجاو بێ
دڵم دەڵێ:
دیارییەکەم بگا بەدەستی
دەگەشێتەوە
کۆنەکانی خۆی
دەبەشێتەوە
بەدرێژایی ژینییەوە
تەنیا کراسی وشەی بەسە
هەمیشە
گەنج دەبێتەوە
ڕەنگ و ڕووشی
دەگەشێتەوە

## بۆ كلاوديا ڕۆت*

ژنێک بوونی لە پۆلا
ئاسمانێک پڕ لە میهرەبانی
بۆ هەمووان چەتر و فریادڕەسی
ئەو هەموو
چاونەترسی و ئازایەتییەت لە کوێ بوو؟

پیترای شاژنی تەدمر**
ئازابوو
کە ڕۆم بەدیلیان گرت
چەندە ئازابوو
هێندەش بەهێزبوو
تا زەلیل نەبێ لەدەستی دووژمن
کۆتایی بە ژیانی هێنا

نازانم چۆن
ئەو هەموو:
ئازار و خەمە
خوێن و برینە
ماڵوێرانی و ئاوارەییەی
پەنابەرانت لە کۆڵناوە!
تۆ ژنێکی
عاشق بە مرۆڤایەتی
زۆرن ئەوانەی لە ڕۆژهەڵات
وەکو تۆ
سیاسیین
بەڵام وەکو تۆ
مرۆڤبوون
سەختە
خەلیفە ئەردۆگان لە کۆشکە
هەزار ژوورەکەیەوە
ڕێی دەریا بە منداڵەکان
نیشان دەدا
سنوورەکان دادەخات
شێرەژن کلاودیا

لە خانووە سادەکەیەوە
باڵی میهرەبانی بۆ منداڵەکان ڕا دەخات
سنوورەکان دەکاتەوە
کلاودیا لە پەرلەمان
یان هەر جێگایەکی تر
پڕ بە گەرووی هاوار دەکا:
سووپای تورکان
لە باکووری کوردستان
تارمایی بڵاو دەکاتەوە
جەلادەکانی بۆ منداڵ و ژن
بۆ کوردبوون
بۆ کوشتنی ژیان
ناردووە
کلاودیا ماندوو نابێ
کلاودیا ناترسێ
کلاودیا تکایە
ئەو هەموو
مرۆڤبوونەت لە کوێ هێناوە!

تێبینی:

*کلاودیا ڕۆت ژنە سیاسییەکی ئەڵمانە لە پارتی سەوز، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەو حزبەیە، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی ئەڵمانیایە، زۆر داکۆکی لە پەنابەران و گەلانی لێقەوماو چەوساوە دەکات.

**پێترا شاژنی شاری تەدمری (پالمێرا) دێرینی سووریا بووە، کاتی خۆی کە ڕۆم ئەوشارەیان داگیر کرد، پێتراش بەدیلی کەوتە دەست ڕۆمەکان، بۆ ئەوەی ڕەزیل نەبێت و دەست درێژی نەکرێتە سەر شاژنە پێترا خۆی دەکوژێت. ئەو شارە دێرین و شوێنەوارێکی بەناوبانگە ، داعش هەموویان ڕوخاندو تەقاندەوە ، لە شاری ڕەققە نزیکە.

**خوێنی کۆبانی لە ڕەمەزاندا**

ئەی ئیمام
لەم مانگی ڕەمەزانەدا
دەمەوێ شیعرێک بنووسم
پڕ بە بەژنی
ڕەمەزان و
قوربانیانی
کۆبانێ
تا بزانم;
کامیان سوورترە!
خوێنی منداڵانی کۆبانێ؟
یا
شەڕابی سوور؟
تا بزانم;
لەم مانگەدا
کامیان
حەرامترە؟
قاپێک عەرەق؟
یا
کوشتنی

هاوڵاتی سقیڵ و
بێ فەڕ؟
دەمەوێ بزانم:
ماڵوێرانی
ئاوارەیی
برسیەتی
بۆنی
باروت و خوێن
خۆشترە؟
یا لە ماڵی خۆت و
ماڵی خوا عیبادەت بکەیت؟
دەزانی مرۆڤ
نیشتیمان و خاکی نەبێت!
ئیمانیشی نابێت!
ئیمام کە تۆ چ ناڵێیت
قڕو قەپی
بەندەش لەوە
زیاترم بۆنانووسرێت!

## کورسی

کورسي هه ر کورسييه
له پلاستیک یا له دار بێ
بریارِی خۆی دەدا
جا ئەو برِیارە
هەنگوین یا
ژەهری مار بێ
کورسی
هەر یەکێ لەسەری دانیشێ
زەحمەتە لەسەری هەڵسێ
هەرکورسیشە،
کرِنووشی بۆ دەبرێ!
خوێنی لەسەر دەرِژێ!
قوربانی بۆ دەدرێ!
برا برای بۆ دەکوژێ!
کورسي وەفای نییە
هەموو تیادا بچن
کورسی تاقانە دەمینێ
ئەویش ماڵی دنیایە
چلکي دەستە
تاسەر بۆ کەس نامینێ

**پاشکۆ... کووچ کووچە***

پاشکۆی
ڕۆژنامە و گۆڤار نا
عارەبانەی کەر و تراکتۆریش نا
کووچ کووچە ی
جەنجەڕ و دەراسەش نا
مەبەست؛
سیاسەت و دەسەڵاتیش
پاشکۆ و کووچ کووچەیان هەیە
بەسەرچاو
تاکە پەیڤی ژیانیانە

*وشەی کووچ کووچە لە هەولێر بەو کەسانە دەگوترێ، هەمیشە بە دوای کەسێکەوە بڕوات و لێی جیانەبێتەوە، لە گوجیلەی سەگەوە هاتووە، کە هەمیشە بە دوای دایکییەوەیەتی.

## دێوانەبوون

تا هەم
شیعرت بۆ دەنووسمەوە
ئەراگۆنئاسا
بۆ
ئیلزاتریۆل
ئێستا دەزانم
عیشق هێندە
سەختە
سەختتر لە ژیان
قایمتر لە بەفری سەدان
ساڵەی حەساری سەکران
ئەگەر ئەو بەفرەیش بم
لەژێر پێتا
دەتوێمەوە

**شاعیر و سیاسی**

له هۆڵێکی چەند هەزار کەسیدا
که "شێرکۆ" شیعری دەخوێندەوه
هۆڵ
جمەی دەهات.
گوێ قوڵاخ
فەزایەکی کشومات
دەنگی شاعیر و
جووڵەی دەست و
لەش ولاری
هۆڵیان مەست کردبوو.
کاتێک "پەشێو"
شیعر دەخوێنێتەوه
ئامادەبووان
بە وەستان و چەپڵە ڕێزان

دووباره و دووباره
دەڵێنەوە!
کە سیاسییەک
وتار دەدات
باوێشک و بۆرژان
میوانی خەڵکە!
بە فیکە و هوهاکێشان
کۆتایی دێت
ترحێو سیاسی
لە کوێی؟
حەیامان چوو!

## ماچ

باشە بمبینی چ دەکەی؟
بت بینم؟
لە باوەشت دەگرم
هێندەت ماچ دەکەم
تا خوا حەز بکا
ماچ بارانت دەکەم
هەزاران ماچت لێ دەکەم
لە هەر شوێنێک بیت
بە غار دێمە لات
ئەو دڵەت
دەکەمە پارووێەک و دەیخۆم
ماستاوەکی بەهارێی بەسەردا دەکەم
بەس بتگرم
بەخۆم دەزانم چت لێدەکەم!
لەتەوقی سەرت تا نووکی پێت
ماچ باران دەکەم
دڵەکەت دەر دەهێنم و
بە یەکجار
لرفی دەکەم

**توانەوە**

ئاوێتە بوون
لە یەکتری
توانەوەیە لە ژیانی
پڕ لە عیشق و
خۆشەویستی
چیت بۆ بنووسم
لێی پاشگەز نابمەوە
چەندە جوانی
چەندە سافی
بەژنت ڕێک
لە گلاسی ئاو دەچی
دەبمە شەکرو
لەناوتا دەتوێمەوە
ترسم هەیە
هێندە تاڵبم
پێت
نەخورێمەوە..

**شیرین یا حکوومەت تەشی دەڕێسێ؟**

منداڵ بووم خالقی
دەیچریکاند شیرین تەشی دەڕێسێ
هەرزە کار بووم
دەیگوت
"شیرین تەشی دەڕێسێ
دڵی لە دەستی دەلەرزێ"
تەنزیم بووم
دڵی ڕاپەڕین بووم
دەنگی پەرلەمان و
حکوو مەت بووم
پەڕاگەندەی تاراوگە بووم
شیرین هەر تەشی دەڕێسێ
دڵەکانیش
هەر دەم
لە دەستی شیرین و
حکوومەتی کوردی
دەلەرزێ.. !

**نیوا و نیو**

حکوومەت بێ
پیاڵەکەش پڕ نابێ
وەک گیرفان
یا بەتاڵ
یا نیو دەبێ.
شەیتانەکانی دۆستۆیڤسکیش
دوو نیوەن
هەردوو نیو پێکەوە تەواو دەبێ
تەواو بوو
لە دوا نیوە دبێژی:
ئەو کەسەی پەیوەندی لەگەڵ خاک و
نیشتمانەکەیدا نەمێنێت،
خوداکانی خۆی لە دەست دەدات و
چ ئامانجێکی نامێنێت

## له یەکچوون

له حزووریتان عەیبی نەبێ
ئه حزابی کوردی
له ژووری بازرگانی دەچێ!
پەرلەمانی کوردستانیش
لەسەندیکای ڕۆژنامەنووسان
دەچێ!
هەر بڕیارێکی دەردەچێ
ڕۆژنامەنووس ئاسا
بەرشەق دەدرێ
حکوومەتی تەوافوقیش
لەتیپی تۆپی پێ دەچێ!
ئەوەی جوان یاری نەکا
ڕاهێنەر خێرا بەدلی دەکا...!

## شێتانە عاشق

لە یەکەم دیدار عاشقت بووم
چۆن عەشقێک
دێوانە عەشقێک شەیدات بووم
پێ بزانی یانا
لە دڵمای
لە هەر هەنگاوێک
لەگەڵمای
لە شێخی سەنعان زیاتر نیم
حەج و تەمەن
کاتێک بوو
بەسەر چوو
تێم دەگەی یانا
موریدی تۆم
تا مردن
بە هیوای تۆم.

## پێکی سوڵتان

له دیوانەکەی سوڵتاندا
پێک هەڵدانە
پێکێک دەخۆمەوە
هەڵیدە
شەڕابەکەی شیرینە
شیرینتر لە قاوەکەی
ئەبوعەگال
سوورتر لە خوێنی
ژن و منداڵ
ئیدی نیشتیمان لە بازاڕی
کۆیلەفرۆشان  هەڕاج کراوە
کۆشکی سولتان
بەرنادەم
 تا بۆ هەمیشە
پێکی خۆم هەڵدەم

## شاعیر و دەمانچە

لۆرکا
لە ئێوارەیەکی تەمووزدا
نەگەیشت بە ژووانی هاوڕێکەی
بە دەمانچەی جەلادێکی نەخوێندەوار
تیرۆر کرا
لە ئێوارەیەکی شەڕابیی نووسەراندا
شاعیرێک مەستانە
دەمانچەکەی دەرهێنا و تەقەی خۆشی کرد
کەمێک لەولاتریش شاعیرێکی دیکە
دەمانچەکەی لەسەر مێز دانابوو
دانیشتوانیش سەرکز

## سەرسەری

بۆ ئەو شاعیرە هاوشارییەی
کە زۆرم خۆش دەوێ
پێی دەزانێ یان نا!
ڕقیان لێیە تا سەر ئێسقان
لە من باشتریان دەناسێ
کوێرایم دایە
لەوێ نەبووم ئەو ئێوارەی
دەمانچەیان خستە سەر سەری
پیاوی ڕۆژ و سەرسەری

## سیاسیی کورد

خوای درۆن
لە هەمبەر دووژمن
هەمیشە لەسەر ئەژنۆن
دایم سک تێر و
ئاخوورِ
پڕ لە کا و جۆن
کەچی
بۆ گەلی خۆن
دایم
تفەنگ بە دەست و
هەمبانەی درۆن.

**لۆت دێمەوە پیرە هەولێر**

گەر چرقەی گەرماش بێت
گەر نەتوانم لە باوەشت بگرم
خۆ دەتوانم تێرتێر هەواکەت هەڵمژم
خۆ دەتوانم لەسەر قەراتێ
تێرتێر تەماشات کەم
گەر حەمەشێت و بەخۆکە و دارا و جومعە و
هەیاس و مەمەندیش نەبینم
لە ئێستادا
سەدان شێتی تر دەبینم

## بێدەنگ

وسسسسسسسسسس
کەس
هەناسەنەدا
کەس
فزە نەکا
ورتەتان نێ
دەنگی
هەناسەتان
نێ
قڕوقەپ
بێ جووڵە
بە کەس مەڵێن
مژدەم
پێیە بۆتان
لای کەس
باسی مەکەن
بەیانی
مەعاش دەدرێ
بەم بۆنەیەوە
هەمووتان
ڕەحمەت بۆ کابرا بنێرن

**له دووەم ساڵوەگەری مەرگی شێرکۆی شاعیر(٢٠١٣/٨/٤)**

ڕووحی شاعیرێک
بۆ دواجار بەسەر قەڵای هەولێردا
دەسوڕێتەوە
ڕێک
دوو ساڵ بەر لە ئێستا
بوو
شاعیرێکی گەروو پڕ لە وشە
لە مەنفا ماڵئاوایی گەرووی وشک بوو
لە دوا سەفەری گەڕانەوەیدا
بۆ زێدی ڕەسەنی
وشە و شێرکۆ و قەڵات بەیەکەوە
لە هەولێر ڕادەمان

## قەڵەم

ئەو قەڵەمەی خانی
کە هەتوان و زامی کوردی لە
مەم و زیندا پێ نووسیەوە
قەڵەمێکی ڕەسەن بوو!
کە سمکۆی شکاک شەهید کرا
لەسەر ئەسپێکی ڕەسەن بوو!
لە دوای مەرگی
خانی و سمکۆ
قەڵەمی ڕەسەن و
ئەسپی ڕە سەن
ئیدی گوم بوون